ئەفلاتوون‌و زینۆفۆن‌و ئەرستۆیی بەرهەمهێناوە. رەوایە لێرەوە وەکو دوو تایپ سەیری سپارتاو ئەسینا بکەین، تایپێك کە تایپی سپارتاییە. رەنگە بێ بەری نەبێت لەفەزیلەت، لەوانە دروستکردنی ستراژیسیست‌و جەنگاوەرەکان، بەلام تایپێکە کە فەلسەفە بەرهەمناهێنێ چونکی ناتوانێ لانی کەمی ئازادی فیکرو گفتوگۆی عەقلیی فەراهەم بکاو تایپێکی دی کە تایپی ئەسینایییە تایپێکە رەنگە بێ بەری نەبێت لەکەم‌و کوڕی لەوانە بلاوبوونەوەی جۆرێك لەبەرەڵایی، ئازادییەکی منداڵانە کە لەلایەن گاڕانەوە بەهەلە بەکار دەهێنرێت، بەلام وێڕای ئەمەش فەلسەفە تەنیا لەژێر سایەی ئەم تایپەدا گەشەدەکات‌و دەتوانی قسەی خۆی بکا. گەر بەووردی لەبۆچوونە فەلسەفییەکانی سوکرات‌و ئەفلاتوون‌و ئەرستۆو زینۆفۆن وردبینەوە دەبینین کە هەریەك لەم فەیلەسوفانە لەلایەکەوە رژیمی سپارتایان بەرز نرخاندەوە، بەلام نەیانتوانیوە لەژێر سایەی ئەو سیستەمەدا بژین، لەلایەکی دیکەوە کیشەیان هەبوە لەتەك ئەسینادا، رژیمی دیموکراسی ئەسینایدا، بەلام هیچ کام لەم فەیلەسوفانە نەیانتوانیوە لەدەرەوەی ئەسینا بەکاری فەلسەفییەوە سەرقال بن، بەواتایەکی دی ئەسینای لیبرال‌و دیموکرات بەهەموو کەموکوریەکانیشیەوە تاکە مۆلگەیەکی فەلسەفەو تاکە پەناگایەکی چالاکی فەلسەفەبوە. تایپی سپارتایی دەشی فەزیلەتی خۆی هەبیت، ئینسانی چوست‌و چالاك‌و جوامیرو جەنگاوەر دروست بکا بەلام فەلسەفە لەو کەش‌و هەوایەدا هەناسەی بۆ نادری‌و هەر بۆیەشە سپارتای میژوویی یەك بەرهەمی فەلسەفی بەرهەم نەهینا. بەپیچەوانەوە تایپی ئەسینایی کە رەنگە سیستەمیك بیت زۆر رەزیلەت لەخۆبگری‌و ئینسانی عەوام‌و بازاری (Vulgar) دروست بکا بەلام فەزیلەتیکی گەورەی ئەسینا ریگەدانیەتی بەگەشەکردنی فەلسەفە. بەدریژایی میژوو هەردوو تایپی سپارتایی‌و ئەسینایی خۆیان دووبارە دەکەنەوە، لەهەر چرکەساتیکدا، ویرایی جیاوازی کلتورو بەهاو ئایین‌و ئەو ئەفسانەیەی کەپیی دەلین "رەگەز" تایپی ئەسینایی، واتە هەبوونی پەراویزیك بۆ ئازادی‌و جۆریك لەکرانەوەو زال بوونی ئەخلاقی مەدەنی‌و هەبوونی فەزای گشتی (public)، بالادەست بووبیت ئەوا فەلسەفەو چالاکی فەلسەفی،و دام‌و دەستگایەك بوونی هەبووە بۆ برەو پیدانی گفتوگۆی فەلسەفی‌و لەهەر چرکەساتیکیشدا تایپی سپارتایی بالا دەست بووبیت ئەوا فەلسەفەو چالاکی فەلسەفی یا بوونیان نەبووە یاخود لەپەراویزیکی لەبیرکراودا بوون بی کاریگەری‌و بی هەستکردن بەبوونیان‌و فەیلەسوفەکان لەحالەتی کۆچدا بوون‌و لەبیری مەنفا.

بالەیۆنانی کۆنەوە بازیکی زۆرگەورەو میژوویی بدەین‌و نموونەیەك لەسەدەی بیستەم بهینینەوە لەمەر پەیوەندی فەلسەفەو ستەمکارییەوە. بەر لەوشتەی کەپیی



دەلین "شۆرشی کۆمەنیستی رووسی" فەلسەفە لەرووسیادا لەگەشەکردندا بوو، یانەی فەلسەفی‌و بنکەی فەلسەفی‌و گفتوگۆی فەلسەفی لەئەکادیمیاکانداو گۆڤاری فەلسەفی خاسییەتیکی ژیانی فیکری روسیای پیش ئەو بەناو شۆرشەبوو. کاتیك ئەو ئاشوبە کۆمەڵایەتی‌و رۆحییە روودەداو ستەمکارەکان حوکم دەگرنە دەست ئیدی فەلسەفە پاشەکشی دەکا، لەو سەرودەمی ئەو ئاشوبەدا چەند فەیلەسوفیك نەك ئازادی قسەکردنیان نامینیت، نەك بواری چالاکییە فەلسەفییەکان کەم دەبنەوە بەلکو ئەو چەند فەیلەسوفە کەمەی ئەو سەردەمەی رووسیا لەبۆنە جیاوازەکاندا رووبەرووی نەك ستەمکاری حیزبی کۆمیونیست‌و کۆمیونیستەکان‌و دەولەت دەبنەوە بەلکو لەلایەن میگەلیشەوە تەماتە باران دەکرین، باشترین نموونە بەسەرهاتی نیکۆلای بردیایڤە. بردیایڤ وەکو فەیلەسوفیك ناچاردەکریت رووسیا بەجی بهیلی‌و لەفەرەنسا نیشتەجی بیت‌و هەر لەفەرەنساشەوە دریژە بەکارە فەلسەفییەکانیبدا. لەماوەی هەفتاو چوارسالی حوکمی کۆمیونیستەکاندا لەرووسیا یەك فەیلەسوف لەدایك نابیت‌و چالاکی فەلسەفی کۆتایی پی دیت (دیارە پیویست بەئاماژدە بۆ کردن ناکا کەمارکسیزم ئایدیۆلۆژیایە نەك فەلسەفە). گەر چالاکییەکی فەلسەفیش بوونی هەبووبیت ئەوا (١) لەپەراویزدا بووە، (٢) دژ بەدەولەت بووەو ریگای پینەداوە، (٣) ویرای ئەمەش بۆ میژوو بلیین کە لەپەراویزدا یەك دوو فەیلەسوفی گەورە لەکار نەکەوتن بەلام دەبا مرۆڤایەتی بەچارەنووسیان ئەو کاتە بزانی‌و ئاگادار بیت کە کۆمیۆنیزم وەکو سیستەمیکی ستەمکاری کۆتایی دیت. لەکاتیکدا کە فەلسەفە لەژیر سایەی ستەمکاری کۆمیۆنیزمدا وەکو پرۆژەیەك لەبار دەبریت‌و هەموو چالاکیەکی فەلسەفی یاساغ دەکریت، لەو شوینەی کەپیی دەلین "خۆرئاوا" ویرای هەموو کەموکورییەکانی سیستەمی سیاسی‌و کۆمەلایەتی‌و ئابووری، چالاکی فەلسەفە برەو پەیدا دەکا. بۆ نموونە لەئەمریکا، کە دەشیت ژیانی ئەمریکی‌و خەونی ئەمریکی‌و سیستەمی سیاسی ئەمریکی‌و سەرمایەداری ئەمریکی کە وەحشیترین جۆری سەرمایەدارییە شوینی چەندین رەخنەی قوول‌و مانادار بن ویرای ئەمەش لەسەدەی بیستەمدا گرنگترین سەنتەری چالاکی فەلسەفی پیك دەهینیت، بەپلەیەك ئەو چالاکییە فەلسەفیانەو چاپکردنەوەی میراتی فەلسەفی شوینی سەرسورمانە. لیرەوە تایپی سۆڤیەتی لەگەل ریزماندا بۆ سپارتاو فەزیلەتەکانی، تایپیکی سپارتایی بوو هەر بۆیەشە لەژیر سایەیدا فەلسەفە نەك گەشەی نەکرد بەلکو پووکایەوە، تایپی ئەمریکیش لەگەل ریزماندا بۆ ئەسینا، تایپیکی ئەسینایییە، دیموکراتی لیبرالە کە تییدا فەلسەفە لەگەش‌و نمادایە. بەلام بۆ ئەوەی بەساویلکەیی تاوانبار نەکردریین دەلیین کە نمونەی ئەمریکی لەسەرەو لیژبوونەوەدایەو لەرۆژگاری

ناهینی. لەژێر سایەی ستەمکاریدا، منداڵەکانی ستەمکاری بەبوغزو تۆڵەو پاشقول لەیەکگرتن پەروەردە دەکرین. ستەمکار ئەو رۆحە نەخۆشە پەروەردەدەکا کەناتوانی بێ بوغزو نەفرەتو رۆحی تۆڵەسەندنەوە بژی، بێ رقو کینەو گومان بژی، لەژێر سایەی ستەمکاریدا کە کاریگەریەکی سەنگینی لەسەر هەموو ئەندامانی جڤات هەیە، تەنیا ستەمکارە گرگنەکان دروست دەبن نەك هاوریکان.

هەموو چرکەساتە پڕ لەرەونەقەکانی فەلسەفە ئەو چرکەساتانەن کە یا ستەمکاری بوونی نەبووە یاخود ستەمکاری لاواز بوەو دەستەڵاتیکی سەراپاگیریی نەبوە تاکو ریگا لەکاری فەلسەفەو فەیلەسوفان بگری دەتوانین، ئەم ئەرگومینتە (حجەیە) بەکار بهینین دژی ئەو رەگەز پەرستانەی کە فەلسەفە بەمولکی رەگەزیکی تایبەت، واتە رەگەزی سپی، دەزانن‌و لەو باوەرەدان کە تەنیا رەگەزی سپی فەلسەفەی بەرهەمهیناوەو بەرهەمدەهینی. ئەو رەگەزپەرستانە، لەوانە تەنیا بۆنمونە ئاماژدە بۆ ئەمانویل کانتو ئیرنست رینان بکەین، ئەو رەگەزپەرستانە ئەو خالە جەوهەرییەی کە لەبیری دەکەن بریتییە لەچۆنیتی سیستەمی حوکمو فەرمانرەواو ئاوو هەوای سیاسی کە بمانەویت یانەمانەویت رۆلیکی گرنگ دەبینن‌و کاریگەریەکی زیاد لەپیویستیان هەیە لەسەر هەبونی یا نەبوونی چالاکی فەلسەفی[٤] کاتیك ئیرنست رینانی رەگەز پەرست دەلی رەگەزی سامی ناتوانی فەلسەفە بەرهەم بهینی، ئەمە رایە نەك بۆچوونیکی رەگەز پەرستی رووتە بەلکو موغالەتەیەکی میژوویشە لەوەدا کە ناتوانی ئەو راستییەببینی کە بەناو "رەگەز"ی سامی فەیلەسوفی گەورەی دروستکردوە، کەواتە کیشەکە "رەگەز" نییە بەلکو کیشەکە ستەمکارییە، ئەوە ستەمکارییە کە ریگرە لەبەردەم چالاکی فەلسەفیدا، ئەوە ستەمکارییە کە کەشی ئازاد لەناودەباو فەلسەفەش لەخەفەقاندا ناتوانی هەناسەبدا، کەواتە "رەگەز" توخمە سەرەکیەکە نییە لەنەبوونی چالاکی فەلسەفیدا بەلکو هەبوونی یا نەبوونی ستەمکاری توخمە سەرەکیەکەیە. لەو شوینەدا کە پەراویزیك بۆ ئازادی بوونی هەیە فەلسەفە گەشەدەکاو لەوشوینەش کە خەفەقان هەیە ستەمکاری دەژی‌و فەلسەفە دەمری. لیرەوە فەلسەفەو ئازادی بییەك ناژین‌و فەلسەفەو ستەمکاریش پیکەوە ناژین، هەربۆیەشە فەیلەسوفە گەورەکانی وەکو ئەفلاتون‌و ئەرستۆو شیشەرۆو فارابی‌و مۆنتیسکیوو ئارینتو شتراوس هەمیشە جەغدیان لەسەر لایەنە کاولکارییەکەی ستەمکاری کردوەو پییان لەسەر بوونی پەراویزیك لەئازادی داگرتوە تاکو فەلسەفە بوونی هەبیت.

قسەکردنی ئیمە لەسەر ستەمکاری پرۆژەیەکی دریژەو لیرەدا تەنیا بەشیك لەبۆچوونەکانمان‌و خویندنەوەکانمان دەخەینە روو. لەم کتیبەدا چەند



فەیلەسوفیك،و چەند بیریاریك‌و چەند تیکستیك هەلدەبژیرین بۆ قسەکردن لەسەر ستەمکاری. بەدەگمەن فەیلەسوفیك بەدی دەکەین لەمیژووی فەلسەفەدا، تاکو فەلسەفەی مۆدیرن کە راوبۆچوونی نەبیت بەرانبەر بەستەمکاری‌و ئازادی‌و چۆنیتی باشترین سیستەمی سیاسی، لیرەوە قسەکردن لەسەر ستەمکاری نەك سەخترین پرۆژەیە لەپەیوەندیدا بەفەلسەفەو، بگرە پرۆژەیەکە کۆکردنەوەی لەدوو تویی کتیبیکدا مەحالە، بەتایبەت کە دەگەینە قۆناغی مۆدیرن گفتوگۆکەمان روویەکی دیکە وەردەگریتو پیویستی بەووردەکارییەکی تایبەت هەیە چونکی رووبەروی بیریاری ئەو تۆ دەبینەوە کە بەشداریدەکا لەبیناکردنی ستەمکاریدا، لەوانە ماکیاڤیلی‌و هۆبزو لۆك‌و کارل مارکس‌و.. هتد. بەلام ئیمە لیرەدا چەند فەیلەسوفو چەند تیکستیکمان هەلبژاردوە بۆ قسەکردن لەسەر ستەمکاری، باسنەکردنی فەیلەسوفو بیریارەکانی دی لەم روەوە مانای ئەوەناگەیەنیت کە راو بۆچوونی گرنگو جەوهەریان نییە لەسەر ئەوکیشەیە بگرە باسنەکردنیان تەنیا کیشەیەکی تەکنیکییە ئەویش ئەوەی کە کتیبیك ناتوانی هەموو ئەو بۆچوونانە، ئەو هەموو خاوەن راو سەرنجانە بەسەربکاتەوە. ئەم کەموکورییە تەنیا بەوە پردەبیتەوە کەئیمە نیازی خۆمان دەربرین بۆ خوینەران، نیازی ئەوەی کە ئەم کتیبە سەرەتای پرۆژەیەکی دریژخایەنە لەسەر ستەمکاری، بەواتایەکی دی ئەمە هەنگاوی یەکەمەو ئیمە لەبوارەکان‌و هەلەکانی داهاتودا بۆ کیشەی ستەمکاری دەگەریینەوەو ئەو تیکستانە، ئەو فەیلەسوفانە بەسەر دەکەینەوە کە باس لەستەمکاری دەکەن.

بۆئیمەستەمکاری پرسیاریکی وجودی‌و سیاسیانەی گرنگەو بگرە بنەرەترین پرسیارە لەبەرئەوەی ستەمکاری یەکیکە لەبنەرەترین کیشەی کۆمەلگاکانی ئیمە هەر لەمەراکیشەوە تاکو چین، لیرەوە قسەکردن لەسەر ستەمکاری‌و تیگەیشتن لەم دیاردەیە، ئەم نەخۆشییە سیاسی‌و کلتوری‌و رۆحییە مەرجی یەکەمە بەرەو رزگاربوون لەستەمکاری‌و دامەزراندنی کۆمەلگایەکی ئازاد. هەر بۆیەشە قسەکردنی ئیمە لەسەر ستەمکاری پرۆژەیەکی دریژخایەنە. لەلایەکی دیکەوە تیگەیشتن لەستەمکاری لای ئیمە تەنیا گرنگیەکی تیوری‌و عەقلی نییە بەلکو مەسەلەی ژیان‌و مەرگە بۆ ئیمە، چونکی ستەمکاری تەنیا سیستەمیکە کە ئیمە پیی ئاشناین‌و سەدەکان تیدەپەرن‌و ئیمە تەنیا پەنجە لەتەك ستەمکاریدا نەرم دەکەین، بەمانایەکی دی، ستەمکاری تەنیا سیستەمیکە کە لەمیژە بالادەستە لەدنیای ئیمەدا بەشیوازی جیاواز جیاواز، بەشیوەو رەنگو قەبارەی جیاوازو بەشیوەیەك کە ئیمە رام بووبن، راهینراوین، پەروەردەکراوین، زەینیکمان بۆ دروست بوە کە لەدەرەوەی ستەمکاری هیچ شتیکی دیکە ناتوانین ببینین، لەو چرکە ساتانەشدا کە هەلی رزگار

دوا سەرنجمان ئەوەیە کە هیواداریـن ئـەم بەرهەمـە هـەنگاوی یەکـەم بیــت بــۆ قسەکردن لەسەر ستەمکاریو سەرەتای پرۆژەیەکی گەورە بیت لەسـەر ئـەو دیـاردە ئالۆزەو بەوهیوایەی ئەم بەرهەمە ببیتــە مایـەی خولقـاندنی کۆمـەلی پرسـیار لەمـەر بارودۆخی ستەمکاریانەی کوردەوەو سەرەتایەك بیت بۆ پرسیارکردن لەو نەخۆشییە رۆحیو سیاسییەی کە ئیمە لەمیژە موبتەلاین پیی، سەرەتایەك بیـت بـۆ رزگـاربوون لەســتەمکارییەك کـە ئیمــە تــەنیا قوربانیــەکی نــین بـــەلکو لەدروســـتکەرەکانی ئەوستەمکارییەینو ستەمکاری لەرۆحماندا مۆلگـەی خسـتوەو نـاتوانین لـەدەرەوەی ستەمکاری هیچ سیستەمیکی دیکـە ببینـین یـا خـەون بـەهیچ سیسـتەمیکی دیکـەوە ببینین، بەو هیوایەی ئـەم بەرهەمـە سـەرەتای بیرکردنـەوە بیـت لـەرزگار بـوون لـەو بیمارییە.

**فاروق رەفیق**
**ئازاری دوو هەزارو سی**
**کەنەدا**

## (3)

(1) ئیستا وەرەو مەسەلەی هاورییەتی لەبەرچاوبگرە، چۆن ستەمکاران بەشداری تیدادەکەن. جاری باسەرنج بدەینە ئەوەی ئایا هاورییەتی مەزنترین چاکەیە بۆ ئینسانەکان.

(2) دیارە مەسەلەکە لای کەسیك کە خۆشدەویستری لەلایەن کەسیکی دیکەوە ئەوا ئەوکەسەی خۆشی دەوی بەئامادەبوونیو بینینی ئەو هەمیشە خۆشحالە، بەخۆشییەوە سوودی پیدەگەیەنی، تاسەی دەکا گەر ئامادەنەبوو (لەوی نەبوو)، بەخیرهاتنەوەی دەکا لەکاتی گەرانەوەیدا، چاکەکانی لەتەکدا بەش دەکا، بەهانایەوە دەچی گەر بینینی رووبەروی گیروگفت بۆتەوە.

(3) لەمەزیاتر، تەنانەت ئەوە بەسەر شارەکاندا تینەپەریوە کە ئەو راستییە نەبینن کە هاورییەتی مەزنترین چاکەیەو شوینی خۆشی هەموو ئینسانەکانە. بەهەرحال، زۆریك لەشارەکان ئەو یاسایەیان دارشتوە کەتەنیا زیناکەران بکوژدرین بی لیپرسینەوە، لەبەر ئەم هۆیە، لەبەر ئەوەی لەوباوەرەدان کەزیناکەران تیکدەرانی دۆستایەتی نیوان ئافرەتانو میردەکانیانن. چونکی هەرکاتیك ئافرەتیك بەهۆی حالەتیکی تایبەتەوە ملی نا بۆ پەیوەندیەکی سیکسی، میردەکەی بەچاویکی سووك سەیری ناکا، بەومەرجەی میردەکەی رای وابیت کە هاورییەتی ژنەکەی بەردەوام دەبیت بی پچران.

(4) "من خۆم لەو باوەرەدام کە خۆش بویستریت هیندە چاکەیەکی مەزنە کە کەسی خۆش ویستراو هەم لەخوداکانەوەو هەم لەئینسانەکانەوە سودو کەلك رووی تیدەکەن. تەنانەت لەمەشدا ستەمکاران، بەجیا لەهەموو کەس، بی بەشنو زەرەریانە.

"بەلام، سایمۆندیس گەر حەزدەکەیت بزانی من راستیت پیدەلیم ئەوا لەم خالە وورد بەرەوە. بەدلنیاییەوە پتەو ترین دۆستایەتی ئەو دۆستایەتیەیە کە دایكو باوکان بۆ مندالەکانیان هەیانەو ئەوەی مندالەکان بۆ دایكو باوکیان هەیانە، برا بۆ برا، ژن بۆ میردی، هاوری بۆ هاوری.

(5) گەر تۆ بتەوی بەووردی لەمەسەلەکە ووردببیتەوە کە کەسانی تایبەت خۆش دەویسترین لەلایەن ئەوانەوە کە ناوم بردن، لەکاتیکدا ستەمکاران مندالەکانی خۆیان کوشتوە، لەژیر سایەی رژیمە ستەمکارەکاندا برا بۆتە جەللادی برا، هەروەها زۆریك



لەستەمکاران سەرەو نگوم کراون لەلایەن ژنەکانیانەوە، یاخود لەلایەن هاوری کانیانەوە، ئەو هاورییانەی کە ئەمان لەو باوەرەدابوون بەراستی هاورین.

(6) چۆن ستەمکارەکان باوەر بهینن بەوەی کە شوینی خۆشەویستین، یا خۆش دەویسترین لەلایەن هیچ کەسیکەوە، هیندەی شوینی رکو کینەن بەپیی سروشتو بەلام خۆش ویستنیان بەزۆری یاسا؟

(8) ئازارێك لەوكاتەدا چەشتوتە هەمان ئازارە کە ستەمکارەکان دەیچێژن، بگرە زۆر خراپ تر لەوەش. چونکی ستەمکارەکان لەو باوەڕەدان کەتەنیا دوژمنەکان لەپێشیانەوە نین بەڵکو لەهەموو لایەکدان.

(9) سایمۆندیس دوای ئەوەی گویی لەم قسانە گرت، قسەکانی بەهیرۆ بری‌و گوتی: "لەوباوەرەدام تۆ زۆر بەچاکی مەسەلەیەکت خستەروو. جەنگ شتیکی تۆقینەرە. بەڵام لەگەل ئەمەشدا، هیرۆ ئیمە پاسەوان دادەنیین لەکاتی عەمەلیاتی سەربازیداو بەبرواوە بەشی خۆمان لەخواردن‌و خەو وەردەگرین".

(10) لیرەدا هیرۆ گوتی: "سایمۆندیس، بەلی راستە بەزیۆس سویندبی، یاسا چاودیری پاسەوان دەکا تاکو هەم لەخۆیان بترسن‌و هەم لەجیاتی ئیوە سل بکەنەوە. بەڵام ستەمکارەکان پاسەوانەکان بەکری دەگرن، هەروەك دروینەکەرەکان".

(11) هەروەها بەدلنیاییەوە پاسەوانەکان، گەر توانای هەرشتیکیان هەبیت، دەبیت بەوەفا بن. لەگەل ئەمەشدا پەیداکردنی پیاویکی بەوەفاو دلسۆز زۆر زەحمەت ترە لەپەیداکردنی کەسانی دیکە بۆ هەر ئەرکیك دەتەویت، لەکاتیکدا ئەوانەی بەکاری پاسەوانی هەلدەستن لەبەرخاتری پارە ئەو کارە دەکەن‌و لەهەرچرکەساتیکدا پارەیەکی زۆرتر وەربگرن لەریگای کوشتنی ستەمکارەوە، زۆرتر لەوپارەیەی کەستەمکار دەیانداتی، ئەواهیچ سل ناکەنەوە لەوکارە.

(12) "هەرچی پەیوەندی بەوخالەوە هەیە کە گوایا تۆ بەخیلی بەئیمە دەبەیت لەبەر ئەوەی ئیمە دەتوانین سود بەهاوریکانمان بگەیەنین‌و هەروەها لەبەرئەوەی دەتوانین باڵادەست بین بەسەر دوژمنە تایبەتیەکانماندا، ئەمەش بەوشیوەیە نییە کە تۆ بۆی چوویت".

(13) دەربارەی هاورییان، چۆن دەتوانی باوەر بەوە بهینیت کەتۆ سوودیك دەبەخشیت، لەکاتیکدا دەزانیت ئەوکەسەی زۆرترین سود لەتۆ وەردەگری زۆر بەخۆشییەوە خیراو بەپەلە لەبەرچاوت گوم دەبیت؟ لەبەرئەوەی هەرچییەك لەستەمکار وەربگری کەسی باوەرناکا مولکی ئەوبیت تاکو دوور نەکەویتەوە لەفەرمانەکانی ستەمکار.

(14) هەرچی پەیوەندی بەدوژمنە تایبەتیەکانەوە هەیە، چۆن دەلییت کە ستەمکارەکان دەستەڵاتیان بەسەریاندا دەشکی‌و کۆنترۆلیان دەکەن لەکاتیکدا ستەمکارەکان دەزانن کە هەموو رەعیەتەکانیان دوژمنیانن، لەکاتیکدا کەشیاو نییە هەر هەموویان بکوژیت یا تەوق‌و زنجیریان بکەیت؟ چونکی لەوکاتەدا کی دەمینیتەوە کەستەمکار حوکمیان بکا؟ ویرای زانینی ئەوەی کە ئەوانە هەرهەموو



دوژمنی ئەون (ستەمکار)، لەلایەکەوە دەبیت خۆی لییان بپاریزی‌و لەلایەکی دیکەشەوە ناچارەکە بەکاریان بهینیت.

(15) "سایمۆندیس ئەوە چاك بزانە، ئەوکەسانەی کەئەمان لییان سل دەکەنەوە لەنیو خەلکیدا، زۆر زەحمەتە بۆیان (ستەمکارەکان) کەدەیانبینن زیندوون‌و دین‌و دەچن، بەڵام کوشتنیشیان ئاسان نییە. ئەمە هەر وەك ئەوە وایە کە ئەسپیکی چاك‌و چاپووك هەبیت لەهەمانکاتیشدا ترسی ئەوەش لەئارادابیت کە رەنگە ببیتە مایەی دەردیکی چارەسەر نەکراو، لیرەدا ئینسان زەحمەتە بتوانی بیکوژی لەبەر چاکەکانی، لەهەمانکاتیشدا زەحمەتە هیشتنەوەی بەزیندویتی بەهۆی ئەگەری روودانی کارەساتیکەوە لەناوەراستی رووبونەوەی مەترسیەکدا".

(16) هەروەها هەروەك کۆمەلی شتی دیکە کە ئیدارەکردنیان زەحمەتەو لەهەمان کاتیشدا بەسودن، هەر هەموو دەبنەمایەی دەردەسەری خاوەنەکانیان‌و بگرە ئەوانەش کە خۆیان لی خەڵاس کردوە."

لەبەرانبەردا ئازاری زنجیرو تەوقیك بچیژی كە ئەم لەدەستو قاچو ملی ئەوانی دیكەی كردوون، یاخود چۆن جەزای ئەو هەموو ژیانە بداتەوەو بمری بۆ ئەو هەموو كەسانەی كە ئەم كوشتوونی؟ راستییەكەی، سایمۆندیس، گەر خۆ خنكاندنی (واتە كەسی ستەمكار) سوود بەهەر كەسیك بگەیەنی. ئەو هیچ بەرژەوەندیەكی گیر ناكەویت، جا كیشەكانی بپاریزی یاخود بیانخاتە لاوە".



**(8)**

(1) ئنجا سایمۆندیس گوتی: "هیرۆ، من سەرسام نیم لەوەی كەئیستا تۆ بەدل لەگەل ستەمكاریدا نیت، چونكی تۆ لەو باوەرەدایت كەستەمكاری ریگریكە لەبەردەم بەدەست هینانی عیشقی ئینسانەكاندا ویرای ئەوەش، من لەوباوەرەدام كە دەتوانم ئەوەت فیربكەم كە حوكم كردن مەرج نییە ببیتە ریگر لەبەردەم ئەوەی كە لەلایەن خەلكییەوە خۆش بوویستریت، بگرە بەرژەوەندیشی تیدایە بۆ ژیانی تایبەتی".

(2) "لەكاتیكدا تاقیكردنەوەی ئەوەی كە ئەمە خودی حالەتەكەیە یاخود نەء باجاری لەوە گەریین كە فەرمانرەوا بەهۆی دەستەلاتیەوەیەتی كە دەتوانی خزمەتی گەورە پیشكەش بكات، بەلكو گەر ستەمكارو كەسی تایبەت هەمان كاربكەن، ئەو خالە لەبەرچاو بگرە كامیان زیاتر پیزانینو سوپاس دەباتەوە لەریگەی خزمەتكردنیكی وەك یەكەوە. بەنمونەیەكی سادە دەست پیدەكەم".

(3) یەكەم، گریمانی ئەوە بكە كە فەرمانرەوایەكو پیاویكی تایبەت، كاتیك كەسیك دەبینن، هاورییانە مامەلەی لەتەكدا دەكەن. لەم حالەتەدا، تۆ لەو باوەرەدایت سلاوو پیشوازی كامیان لای كەسی بیسەر زۆرتر چیژو خۆشی بەخشە؟ دووبارە گریمانی ئەوە بكە كە هەر دووكیان هەمان كەس ستایش دەكەن، كامە ستایشیان زۆرتر چیژو خۆشی بەخشە؟

(4) "تەسەور بكە، ئەو كەسە فیداكاریەك پیشكەش دەكا، هەردووكیان دەستی ریزی لی دەنین، بەرای تۆ كام دەستی ریز لینانەیا نەكە زۆرترمایەی پیزانینە؟تەسەوربكە هەردوكیان وەك یەك سەردانی نەخۆشیك دەكەن، ئایا روونو ئاشكرانییە كە سەرنجدانو بەتەنگەوەهاتنی كەسیكی دەستەلاتدار دەبیتە مایەی مەزنترین خۆشی؟ گریمانی ئەوە بكە كە هەردووك وەك یەك خەلاتەكان دەبەخشن، ئایا ئاشكرانییە كە تەنانەت لەم حالەتەشدا خزمەتو خەلاتی كەسیكی خاوەن دەستەلات زۆرتر بەهادارترە لەخەلاتو خزمەتی كەسیكی تایبەتی گەرچی لەئەسلدا نیوەی بەهای ئەو خزمەتەی ئەویشی هەبیٚ".

(5) "راستیت بویٚ، من لەو باوەڕەدام كە ئەوكەسەی فەرمانڕەوایەو حوكم دەكات چونكی نەك تەنیا فەرمانڕەوایەتی كردن پیاوی راستەقینە زیاتر نەجیب تر دەكا، بەڵكو ئێمە بە دیدێكی ترو خۆشییەكی ترەوە لەهەمان كەس دەڕوانین زۆرتر لەكاتی ئەوەدا كە فەرمانڕەوایەتی دەكا وەك ئەوەی لەكاتێكدا كە ژیانی تایبەتیانەی خۆی

ئەركی ئامادەبوونی جمهوری ناخبین لەبواری گشتیو مەدەنیدا لەسەر شانیان لابەریت. (بەواتایەكی دی كاتیك خەلك كەسیك دەكەنە نوینەری خۆیان مەبەستیانە بلین، گوی بگرە ئیمە سەرقالی ئیشینو بوارمان نییە لەدونیای مەدەنیو گشتیدا ئامادەبین، تۆ هەلدەبژیرین لەجیاتی ئیمە قسەبكە،و كردار بنوینە). نوینەرایەتی كردنی رەسەن تەنیا ئەوكاتە شیاوە كە لەسەر بەرژەوەندی ئاشكراو سنوورداروو كۆنكریتی گروپ بیناكرابیت. بۆ نمونە گەر ئیوە من بكەن بەنوینەرو بلین تۆ لەدانیشتنی پەبلیكی (public) فلانەرۆژدا نوینەری ئیمەیتو ئەمە رای ئیمەیە: تۆ لەودانیشتنەدا دەلییت كە ئیمە لەگەل دروستكردنی ئەو ئاوەرۆیەدانین، لەمە بەولاوە من ناتوانم هیچی دیكە بكەم، گەر بیتو ئەو دانیشتنە لەدروستكردن یا نەكردنی ئاوەرۆ لابداو بووبە دروستكردنی سەدیك كە ئیدی دەبیتە كیشەیەكی ژینگە، ئەوە لەنوینەرایەتی دەكەوی.

بەلام لەوشوینەدا كەسیستەمی نوینەرایەتی وەزیفەی خۆی بەچاكی دەبینیت، ئەوكاتە، دووبارە بواریمەدەنیو گشتی دەبیتە ئامرازیك بەدەست بواری تایبەتییەوە، لیرەوە سیاسەت دەبیتە ئامرازیك بۆ ژیان. ئەنجامیش ئەوە دەبیت كە وەك ئارینت دەلی "حكومەت دادەرزیو دەبیتە تەنیا. ئیدارەیەك"و لەم حالەتەشدا "مەملەكەتی مەدەنی (گشتی) بزر دەبیت".[١٠]

ئەو سیناریۆیەی سەرەوە باشترین وینەیە، بەلام گەربیتو سیستەمی نوینەرایەتی كردن بەچاكی وەزیفەی خۆی نەبینیت ئەوا گەشەدەكاو دەبیتە ئۆلیگارشی. ئارینت دەلی، "ئەوەی ئیمە ئەمرۆ بەدیموكراسی ناوی دەبەین بریتییە لەوشیوە حكومەتەی كە تییدا ژمارەیەك حوكم دەكەن، بەلانی كەمەوە بۆ بەرژەوەندی ژمارەیەكی زۆر تر".[١١] بەواتایەكی دی، ئەو جۆرە حكومەتانە لەراستیدا دیمكراسی نین بەلكو ئۆلیگارشین. لای ئارینت كرداری رەسەنی سیاسی هیچ نییە جگە لەجۆری قسەكردن، لەگوتار، چەشنەكانی گفتوگۆكردن یاخود موجادەلە دەربارەی كیشە گشتیو مەدەنییەكان. لای ئەرستۆو ئارینت گوتار ئەوشتەیە كە ئینسان دەكاتە ئاژەلیكی سیاسی.

بەشیوەیەكی گشتی، بەپیچەوانەی كتیبی "ئەسلەكانی توتالیتاریانیزم" كە لەداینامیكی رژیمە تۆتالیتارەكان دەدوی، كتیبی "هەلو مەرجی ئینسان" لەهیزە ویرانكەرەكانی دی، هیزە خاپوركەرەكانی جیهان كە سەردەمی مۆدیرن خولقاندونی دەدویت. لەنیو ئەو هیزانەدا گەشەكردنی هیولایی هیزەكانی بەرهەمهینانو بەكارهینان (consumption)كە لەلایەن سەرهەلدانی كاپیتالیزمەوە هینرانە بوون. ئەم گەشەكردنە، هاوری لەگەل هەیمەنەی غەمە ئابورییەكان، یا سەرگەرمی



ئابورییەكان كە هەر ئەم گەشەكردنە دروستیكردن، هەرەشەی قوتدانی هەموو كایە تارادەیەك سەربەخۆكانی تری چالاكی ئینسانی دەكا. هەردوو تۆتالیتارینیزمی سەرمایەداری تەكنۆلۆژی مۆدیرن لەگەل گۆرینی ئینسانداو كردنی تەنیا بەئاژەلیكی ئیشكەر، هەول دەدەن كە ئەم پرۆسەیە زیاتر لەزۆنگاوی بەرهەم هینانو بەرهەمهینانەوە، سووریكی بی كۆتایدا غەرق بكەن.

ئارینت وەبیرمان دەهینیتەوە كە دەبیت جیاوازییەكانی نیوان، كردارو كارو رەنج لەبەرچاو بگرین تا ئەو مەترسییە بەچاكی ببینین كە گەربیتو ئەوە لەبیربكەین كە ژیانی تاكەكەس تا ئەوشوینە ئینسانییە كە توانای هەبیت،و ئەو ئەگەرەی لی قەدەغە نەكریت، ئەگەری بەرزبوونەوە لەئاستی پرۆسەی سروشتی بەرای ئارینت، كردارو گووتار لەمەملەكەتی مەدەنیو گشتیدا ئەو هۆكارەن كە لەریگەوەی ئیمە دەتوانین ئەو بەرزبوونەوە سنوورداره بەدەست بهینینو لیرەشەوە ببینە خاوەنی شوناسی ئینسانی تایبەتی خۆمان.

**دوافۆناغی كۆمەلگای رەنج، كۆمەلگای خاوەن رەنجەكان، داواكاری تەنیا وەزیفەی ئۆتۆماتیكی سەرفە لەئەندامەكانی، وەك ئەوەی كە گوایە ژیانی تاكەكەس ئیدی بوویتە بەشیكی پرۆسەی گشتی ژیانی جنسی بەشەری، و تاكە بریاریكی چالاكانە كە مابیتەوە تاكەكەس پیویست بی بیدات دەست بەردار بوونە لەتاكایەتی خۆی[١٢] .**

لیرەدا ئارینت لەجۆریك تۆتالیتاریانیزم دەدوی كە دەشی ناوریزی بكەین بە "تۆتالیتاریتزمی نەرمو نیان". لە دواجاردا جیاوازی چییە لەنیوان تۆتالیتاریانیزمو سیبەرە كاپیتالیستی تەكنۆلۆژییەكەی، لەكاتیكدا كە ئەنجام لەهەردوو حالەتەكەدا یەك شت بیت ئەویش "خاپووركردنی جیهانی هابەش"، ئاوابوونی خۆری ئازادی كە خۆی لەكردارو گوتاردا لەمەملەكەتی مەدەنیو گشتیدا دەبینیتەوە، دواجار جۆریكی دی توانەوەی ئینسان لەنیو سروشتداو لەنیو دنیای ناچاریدا. دنیای مۆدیرن غوربەتو تەنیاییەكی بی وینەی خولقاندوە، ئەزمونی تەنیاییو بی رەگو ریشەیی خەلكی نەك بی بەش دەكا لە "شوینیك، فەزایەك لەجیهاندا" بەلكو بیبەشیشیان دەكا لەهەستكردن بەشوناسو هەستكردن بەجیهان. ئەوكاتەی ئینسان لەئینسانەكانی دی دادەبریو پردەكان هەرەس دەهینن، پردی نیوان ئینسانەكانو ئینسانەكانو واقیع، ئەوكاتە تاكەكەس هەردوو توانای بیركردنەوەو ئەزمونكردن

سەرەو ە بۆ گەیشتن بەمەزنی، مومتاز بوون، شادبوون بە بەرهەمە گەورەکانی ئینسان، شادبوون بەرۆحانیەتیکی بالآ، ئەو پەیژەیەی سەرمان دەخاتە سەرەوە تاببینین عەقل چ شاکاریکی خولقاندوەو گفتوگۆ بکەین لەتەك عەقلە گەورەکاندا، ئەمەش واتە کلتوور بەمانا کلاسیکیو رینسانسیەکەی، گەر ئەوە پەروەردەی لیبرال بیت ئەوا کلتوری جەماوەر یا حەشامات داگرتنەوە یا هینانە خوارەوەی ئیمەیە لەوبانیژەیەوە بەرەو ژیر زەمینی ساویلکەیی، ژیر زەمینی گەمژەیی، سەردابی غەریزەکان، کەلکەلە ئاژەلیەکان، کلتووری جەماوەر یا حەشامات Masses ئیمە دەکاتەوە بەئاژەل. لەو ژیرزەمینەدا کە کلتوری جەماوەری Mass ئیمەی بۆ کیشدەکا مانای کتیبی مەزن مردووە، خویندنەوەی کتیبی پیرۆزو playboy وەك یەك مانایان هەیە، خویندنەوەی "ددان پیادانانەکان"ی سانت ئۆگستینو خویندنەوەی موغامەراتە سیکسیەکانی یاریکەریك وەك یەکن. پەروەردەی لیبرال پەروەردەکردنیکی مەدەنییە بەومانایەی کە ئینسان لەبوونەوەر یکی خامەوە دەکاتە هاونیشتمانی. لەدایەلۆگی "یاساکان"دا ئەسینایی غەریب دەلی ئەوشتەی کە پەروەردەی لیبرال لەپەروەردەکردنیکی دی جیادەکاتەوە گەر لەسەر ئاستی بالآ بیت، پەروەردەی دیکە بازارییەو نالیبرالو ناشی پیی بلیین پەروەردە، ئەم خالەیە: پەروەردەی لیبرال بریتییە لەپەروەردەکردن لەمندالیەوە بۆ ئاشنابوون بە فەزیلەت، ئەو شتەی کە کاریك دەکا کەتاك ئارەزوو بکا ببیتە هاونیشتمانیەکی کامل، هاونیشتمانیەك کە دەزانی چۆن فەرمانرەوایەتی بکا بەعەدلەوەو چۆنیش فەرمانرەوایەتی بکردری"[٣].

پەروەردەکردن لەبواری هاونیشتمانی کۆماریدا Republicanو پەروەردەکردنیك کە تۆوی حەماسەو عیشقو ئیلتزام بۆ بەشداریکردنی مەدەنیو بۆ عەدالەتی سیاسی لەهاونیشتمانیاندا پەروەردە دەکا، پەروەردەکردنیك بەم مانایە جی هیشتنی مانای پەروەردەی لیبرال بەمانا ئەفلاتوونیەکەی نییە، بەلکو بریتییە لەدلی ئەوشتەی کە ئەفلاتوون بە پەروەردەی لیبرال لەقەلەمی دەدا. پەروەردەی ئەفلاتوونی رەهەندیکی بالآتری هەیە، ئەم رەهەندە بالآیەش لەدوا قۆناغدا رەهەندیکی فەلسەفییە. لەکاتی گفتوگۆکردنیدا لەسەر پەروەردەکردنی فەیلەسوفەکاندا لەکتیبی حەوتەم لەدایەلۆگی کۆماردا، سوکرات پەروەردەکردنی فەلسەفە بە "دیالکتیك" لەقەلەم دەداو هەر زۆر زوو ئەو خالە روون دەکاتەوە کە "دیالکتیك" ناشی لەریگای قوتابخانەی گشتییەوە فیربکردری.. قوتابخانە دەتوانی زەوییەکە ئامادەبکا بۆ تاکە کەسەکانو کردنیان بەهاوریو لەم ریگەیەوە زەمینە بۆ پەروەردەی فەلسەفی ئامادە دەکا. پەروەردەی لیبرال لەجەوهەریدا سەرگەرمی ئەوەیە کەئینسانەکان



بگونجینی لەتەك جیهاندا، لەتەك یەکتردا، لەتەك ناکۆکیە ناو خۆییەکانی رۆحی خۆیاندا.

پیویستی بوون بە پەروەردە paideia (پەروەردە بەمانا یۆنانیەکەی) لەئەمرۆدا زیاتر لەهەرکات پیویستیەکە شوینی نکۆلی لیکردن نییە، زیاتر لەسەردەمەکانی دیکە. لەدوو وینە ووردبینەوە، وینەیەکی گشتی جیهانو وینەیەکی تایبەتی ولآتانی ئیمە. سەبارەت بەوینەی یەکەم کەمەبەستمان بارودۆخی ئەمرۆی جیهانە، دەبیت بلیین کە ئەمرۆ هیزیك، هیزیکی ئابووریو کۆمەلآیەتی پشت ئەستوور بەزانستو تەکنۆلۆژیا، بالآ دەستی پەیداکردوەو نیازی وایە، بەرنامەی دریژخایەنی هەیە کە جیهان بکاتە یەك بازار یەك مەیدانی گەورەو ئینسانەکانیش هەر هەموو بەرەنجدەر (بەمانا هانا ئارینتیەکەی رەنج). ئەم هیزە کە خۆی لەکۆمپانیا گەورەکاندا دەبینیتەوە لیپرسراو نییە لەهیچ، بەپیچەوانەی ئەو دامو دەستگا مەدەنیانەی دیکە، لەسیستەمە دیموکراسیەکاندا کە شوینی لیپرسینەوەن گەر هاونیشتمانی هۆشیار حازربیت لەسەریان، ئەم کۆمپانیایانە کەلکەلەی تەماعو کۆکردنەوەی سامان لەپیناو ساماندا ئەو مۆتۆرەیە کە دەیانجولینی، پشت ئەستوور بەجیهانبینیەك کاردەکەن کە لەلایەك ئەم گۆی زەوییە، سروشت بە stuff شتو مەکی بی گیان، مادەی خام دەزانن، ئەم گۆی زەوییە هەیە بۆئەوەی توور هەلبدریتە ناو پرۆسەی بەرهەمهینانو بەکارهینانو ئنجا جاریکی دی بەردەوامی دان بەم سوورە بۆ ئەبەد بەرئەنجامە فیکریو سیاسیو کۆمەلآیەتیو ئەخلاقیەکانی کە لەم مەبەستو نیازو دیدگای ئەم هیزەوە دەکەونەوە هیندە ترسناکن کە لەتوانای کەسیکدا نییە، توانای باسیکدا نییە، چەند کتیبیکدا نییە کە ئاماژدەیان بۆبکا، لەبەرئەوە لیرەدا تەنیا ئەوەندەمان لەسەرە کە بلیین ئەم هیزە یەکەم شت ئیمە لەهاونیشتمانیتی، هاونیشتمانی بوون دەخاو دەمانکاتە ئیشکەرو رەنجدەرو بەکارهینەر. بۆ ئەوەی بەردەوامی بەژیان بدەین کە ژیان خۆی دەبیتە رەنجدانیکی رووت، بۆ ئەم مەبەستە پیویستمان بەووزە هەیە واتە دەبیت بخۆینو پیویستیە بایۆلۆژیەکانمان تیربکەین، لیرەوە دەبیت کار بکەین، ئیدی لەم بازنەیەدا بۆ هەمیشە گیردەخۆینو تەنیا ئیزافەیەك هەبیت کە کاریك بکا بەرگەی ئەم سوورە بگرین ئەو شتەیە کە پیی دەلین Entertainment (تسلیە)و تەفریحو حەوانەوە، لیرەوە هونەرو ئەدەب دەبنە تەسلیەو حەوینەرەوەو ماس میدیاش دەبیتە ئەو بنکەیەی کەفەراهەمی دەکا. لەمە ترسناکتر ئەوەیە کە سیاسەت وەکو هونەری پەروەردەکردنی رۆحو هونەری گفتوگۆو دەمەتەقیی عەقلی دەبیتە ئینتەر تەیمینت، حەوینەرەوە، واتە ئیمە لەئینسان بوون دەکەوین، لەهاونیشتمانی بوون

دیالکتیکی کە ماتماتیکو شیعر، عەقلو ئیرۆس بەیەك دەگەیەنی، ئەو پەیژەیەیە کە رۆحی ئینسان دەبەستیتەوە بەریکخستنی واقیعەوە، ئەو یەکیتی بوونەی کە باس لەتاسەی ئینسان لەتەك کەمالی خوداوەند دەکا. گووم بوونی هەر هاوسەنگیەك واتە ئاژاوەی سیاسیو سەرلیشیواوی عەقل. نمونەی ئەم ئاژاوە سیاسیو سەرلیشیواوی عەقلە چاکتر خۆی لە سیستەمە دارزیوەکانی وەکو دیموکراسی دیماگۆگیو ستەمکاریدا دەبینیتەوە لەو سیستەمە دیموکراسیەدا کە بەو هەلو مەرجە دەناسریتەوە کەتییدا هەموو ئارەزوەکان ریگایان پیدەدری تا تیربن، ئەو هەلو مەرجەی کە تییدا ئەو ئەنرژییەی (ووزەیەی) لەئەنجامی نەبوونی ئاراستەوە دەبیتە مایەی دروستکردنی ڤاکیوم (بۆشاییەکی) ترسناك، کە هەر زۆر زوو لەلایەن دیماگۆگیەکانەوە پردەکریتەوە کە لەبەرئەنجامدا ریکخستنی سیاسی دەبیتە حوکمی میگەل، لەلایەکی دیکەوە ستەمکاریەکان بەبی یاساییو بەرەڵلایی دەناسرینەوە، جۆرە حوکمیك لەلایەن ئارەزووە شەخسییەکانەوە، فەنتازیای ژیانی ستەمکار باس لەبی هاوسەنگی دەکا.

لەهەر دوو شیوە دارزاوەکەی حوکمدا، دیموکراسیو ستەمکاری، ئەفلاتوون لەو باوەرەدابوو کە فەیلەسوفی ساختەو سۆفستائی وجودیان دەبیت کە هونەری دیالکتیكو هونەری موجادەلەی عەقلی بەخراپی بەکار بهینن، وەك ئەوەی ئەو دوو هونەرە یاری دەستی ئەوان بن هەمیشە بەراستو چەپدا بۆ مەبەستی جیاجیاو پر لەدژایەتی بەکاریان دەهینن، وەك شەکەرۆکە لەززەت لەپەرت پەرت کردنی موجادەلە وەردەگرن بۆ دلخۆشکردنی می گەل.

* * *

بیرۆکەی پەروەردەی لیبرال لای ئەرستۆ رەهەندیکی دی کلاسیك نیشان دەدا. ئەرستۆ زیاتر سەرقالی پەروەردەی مەدەنییە لەژیانی رۆژانەی سیاسیدا. پیویستی بوونی پەروەردە لەو تیگەیشتنەوە سەرهەلدەدا کە سەیرکردنیکی قولی سروشتی ئینسان پیویستیەکی نکۆلی لینەکراوە، ئەمە لەکاتیکدا ریفۆرمی سیاسی ناتوانی ئەو سەیرکردنە فەراهەم بکا جا بۆ ئەوەی ئەو ریفۆرمە سەرکەوتوو بیت ئەو سەیرکردنە قوولەی سروشتی ئینسان لەلایەن پەروەردەوە فەراهەم دەکریت.

لەکتیبی "سیاسەت"دا ئەرستۆ باس لەجیاوازی نیوان دەستوورە سیاسییەکان دەکا، چونکی دەستوریك لەدەستووریکی دی جیاوازە پەروەردەش کە ئەو دەستوورانە لەزەیندا (زهندا) دەچەسپینی لەدەستووریکەوە بۆ دەستووریکی دی دەگۆری. هەروەك چۆن باشترین دەستوور بەرجەستەبووی باشترین بۆچوونیکە



دەربارەی فەزیلەتو بەختەوەری، ئاوهاش باشترین پەروەردە دەبیت لەسەر سروشتی ئینسانەوە بیت، بەلەبەرچاوگرتنی پیویستیەکانی، تواناکانیو ئنجا سنوورەکانی سروشتی ئینسانەوە. بەرای ئەرستۆ ئینسانەکان، لەپال سیاسی بوونیاندا، بوونەوەری سایکۆفیزیکین کە رۆحیان لیپرسراوە لەژیانو وەزیفەی کاراکتەریان. ئەم رۆحانە پیك هاتوون لەبەشی عەقلی ـ کە ناوکی حیکمەتی پراکتیکییە Phronesis و عەقل nous و بەشی نا ـ عەقلی کە پیك هاتووە لەئارەزوو سۆز، ئەم بەشەبی بەری نییە لەکاریگەری عەقل. لیرەوە پەروەردەی ئەرستۆیی لەسی بەش پیك دی، مەشقکردنی جەستە (جمناستیك)، راهینانی ئارەزوو و سۆزەکان (ethismos)و هەروەها پەروەردەکردن لەریگای عەقلەوە بۆ بەشە عەقلانیەکە. ئامانجی هەرهەموو بەشەکانیش بەرهەمهینانی کەسیکی کۆو عەقلانییە، کەسیك کە رۆحی بەجۆریك خاوەنی هارمۆنیاو هاوسەنگییە کەدەتوانی بەختەوەریی حەقیقی بناسیتەوەو عەودالی بیت. چۆن؟

کرداریك یا چالاکیەك کە تەعبیر لەحیکمەتی عەمەلی دەکا بریتییە لەبەرئەنجامی بریاریك کە خۆی ئارەزوویەکە لەسەر راویژو خۆزگەوە بیناکراوە، خۆزگە ئارەزوویەکی عەقلییە بۆ گەیشتن بە بەختەوەری یاخود ئەوشتەی کە بکەر وینای دەکا وەك بەختەوەری (7) گەر ئارەزووەکانمان بەگشتی گونجاو بن لەگەل خۆزگەکانمان ئەوا ئیمە حالەتیکمان هەیە کە دەشی پیی بلیین ددان بەخۆداگرتن temperance ، گەر ئەم دووانە لەتەك یەکتر نەگونجین یا حالەتیکمان دەبیت کە دەشی پیی بلیین ئیرادەی لاواز (ئەو کاتەی ئارەزوو دەستەلات بەسەرخۆزگەدا پەیدا دەکا)، یاخود حالەتی قانیع بوون (واتە خۆزگە بەسەر ئارەزوودا دەستەلات پەیدادەکا)، لەهەردوو حالەتەکەدا ئیمە ئەزموونی ناکۆکیەکی پر لەئازاری ناوخۆیی دەکەین لەجیاتی هارمۆنیەکی ناوخۆیی. ئیستا فەزیلەتی کاراکتەر بەتەنگ ئارەزووەکانەوە دی بەلام لەهەمان کاتدا بەتەنگ هەستەکانیشەوە دی، "فەزیلەت بریتییە لەهەستکردن بەشتیکی دروست لەکاتیکی دروستدا دەربارەی شتیکی دروست، هەستکردن بۆ خەلکیکی دروست بەنیازی ئامانجیکی دروستو بەریگایەکی دروست" (8). بابپرسین "دروست" لەم رەوتەدا مانای چی؟

لەبەرئەوەی هەلچونو داچوونە دەرونیەکان راو بۆچوون لەخۆدەگرن کەواتە لەرووی بوون بەهیزەوە عەقلینو شایانی پەروەردەکردن. کەسی ترسنۆك دەشی لەریگای فیربوونەوە لەترسنۆکی رزگار بکردریت، کاتیك تیگەیەنرا کەئەو شتەی ئەو لیی دەترسی هیچ هەرەشەیەك بۆسەر ئەو دروست ناکا، بەلام هەلچوونو داچوونە دەروونیەکان لەلایەکی دیکەوە ئارەزوەکان لەخۆدەگرن، ئەمانەش بەئاسانی

ناگۆرین لەلایەن ئامرازی عەقلیەوە، رەنگە ئەزموون‌و کاتمان بوی بۆ هینانەدی ئەو گۆرانە. لەبەرئەوە بەرای ئەرستۆ بۆ بەدەست هینانی فەزیلەت پیویستمان بەراهینان habituation هەیە، بەخووگرتنەوە هەیە. خووەکانی ئیمە لەئارەزووکردن‌و هەستکردندا تارادەیەکی زۆر چۆنیتی ئەوەی ئیمە چۆن کردار دەنوینین دیاری دەکەن. لەمەزیاتر، هەر ئەو خووە ئامانجی کردارو ویناکردنی ئیمە بۆ بەختەوەری دیاری دەکەن. کەواتە ئامانجی پەروەردەی ئەرستۆیی لەپەروەردەکردنی هەلچون‌و داچوونە دەروونییەکان‌و ئارەزووەکاندا بریتییە لەبەرهەمهینانی هاونیشتمانی، هاونیشتمانییەك کە کردار بەرمەبنای یاساو ریزگرتن لەیاسا بۆی دەبیتە سروشتی دووهەم، کەواتە مەسەلەیەکی لەرادەبەدەر گرنگە کە ئیمە لەگەل خووی چاکدا گەورەببین، ئەرستۆ لەم روەوە دەلیت "گەر بمانەویت بەشیوەیەکی دروست قوتابی ئەوشتە بین کەچاکە، کە عادلەو قوتابی پرسیارە سیاسییەکان بەشیوەیەکی گشتی" ئەوا دەبیت خوو بەشتی چاکەوە بگرین. بەلام خووی چاك هەرچەندە پیویستن، لەگەل ئەمەشدا بەتەنیا کافی نین، بەلکو پیویستە ئیمە لەرووی ئەخلاق‌و سیاسییەوە پەروەردەبکرین، هەر ئەم پەروەردەکردنەیە کە ئیمە دەکاتە "قوتابییەکی دروست" ئەخلاق‌و سیاسەت جەستەکانی مەعریفەی عەمەلین، ئەخلاق کاریك دەکا کە ئیمە بەدروستی نیشانە بپیکین لەکردارەکانمانداو بەبەختەوەرییەکی رەسەن بگەین ئەمەش لەریگای فەراهەمکردنی مەعریفەی ئەوشتەی کەهەیە. سیاسەت ئیمە دەولەمەند دەکا بەمەعریفەیەك کە پیویستە بۆ دارشتنی دەستوور، دەستوریك کە ئەو بەختەوەرییەی تییدا دیتەدی.

لەکتیبی حەوتەم‌و هەشتەمی "سیاسەت"دا ئەرستۆ رای خۆیمان لەمەر باشترین رژیمەوە پی دەلی: سیاسەتی کە بەچاکی کاریك دەکا خەلکی ئەگەرەکانی بوونیان، ژیانیان جی بەجی بکەن، ئەگەری فەزیلەت. ئەم حالەتە کۆمەلی مەرجی ئابووری‌و جوگرافی دەخوازی، بەلام رۆحی ئەو رژیمە سیستەمیکی پەروەردەی دریژخایەنە کە تییدا فەزیلەتەکان جیی خۆیان دەگرن دوای گەشەکردنی هەستی لیپرسراویتی‌و پەرەپیدانی توانای حوکم کردنی خۆ لەلایەن هاونیشتمانیانەوە. لیرەدا پەروەردە تەنیا ئامادەکردنیك نییە بۆژیان،و تەنیا بۆ گەنجەکانیش نییە، بەلکو چالاکی سەرەکی ژیانە. پەروەردەی لیبرال ناشی‌و نابیت کورت بکریتەوە بۆ مەهارەتەکانی وەکو پزیشکی، ئەندازیاری، یا کشتوکال یا تەکنۆلۆژیا، بەلکو پەروەردەی لیبرال ئەوشتەیە کە ئینسان دەکاتە ئینسانیکی ئازاد. لای ئەرستۆ ئازادی برتیی نییە لەهەواو هەوەسیك، بەلکو پەروەردەی لیبرال لەئیمەدا ئەو فەزیلەتانە گەشە پیدەدا وەکو لیبرال بوون، بەمانای هەلکردن (تسامح)و ددان بەخۆداگرتن،و ئیعتدال‌و ئنجا



ئازایەتی، ئەمانەش بەدەوری خۆیان ئازادمان دەکەن لەدەست هەلچوون‌و هەواو هەوەسەکان کە گەر بیت‌و لییان بگەریین ئەوا بەرەو ئاستی ئاژەل راپیچمان دەکەن. کەواتە پەروەردەی لیبرال کاریك دەکا کە ئیمە بتوانین دوای پەروەردەکردنی توانای راویژکردنی خۆ ئیختیارەکانمان بەچاکی هەلبژیرین، جیبەجیکردنی بریار لەمەر مەسەلە گرنگەکانی وەکو عەدالەت‌و ناعەدالەتی، جوامیری‌و ناجوامیری، ئینسان بوون یا ئاژەل بوون. هەبوونی گوتاری عەقلانی دەربارەی ئەو مەسەلانە ئەو قەناعەتەی ئەرستۆیە کە دەلی" ئینسان بەسروشت ئاژەلیکی سیاسسە . ئیمە ئەوکاتە بەفەزیلەت دەگەین کە توانیمان لەسەر ئەلتەرناتیڤەکان گفتوگۆمان کرد، پرسیارمان کرد باشترین حکومەت کامەیە، چۆن لیپرسراوبین بەرامبەر بەخۆمان‌و ئەوجڤاتەی کەتییدا دەژین، ژیانی چاك کامەیە..هتد.

ئەرستۆ جیاوازی دەخاتە نیوان ئیش‌و حەوانەوەو کاتی ئازاد leisure. ئیشی جیدی‌یە بەلام پر لەئازارە، ئەوشتەیە کە دەبیت بیکەین بۆ ئەوەی زیندوو بمینینەوە حەوانەوە بۆ ئامانجیکی دی هەن کە لەخۆیان بەرزترە، ئەرستۆ ئەم ئامانجە ناودەبا بەکاتی ئازاد کە لەیۆنانیدا ووشەی skole تەعبیری لیدەکا، ووشە ئینگلیزییەکانی وەکو سکۆل school. سکۆلەر شیپ scholarship لەوشەی skole (سکۆل) (کاتی ئازاد)ی یۆنانیەوە وەرگیراون. کەواتە پەروەردە بریتییە لەکاتی ئازاد بەپلەی ئیمتیاز par excellenle .

بەرای ئەرستۆ ریگای جیاواز جیاواز هەن بۆ گەیشتن بەحقیقەتی کە لەدەولەمەندکردنی شارو یەکیتی شاردا رۆلی جەوهەری دەبینی. پەروەردە دەبیت بریتی بیت لەکرانەوەو ئیلتزامی مەدەنی، گەشتیك لە بەشەوە بەرەو گەردوونی (Universal)و ئینجا گەرانەوە بۆ بەش. کەواتە پەروەردە ناشی نیشتمانپەروەری بخاتە ژیر پرسیارەوە، و لە هەمان کاتیشدا نابیت تەشویقی خۆبەستنەوەیەکی بەربەریانەو لاعەقلانی بکا بە جیهانە بچووکەکەی کەسەکانەوە وەکو ئەوەی ناسیۆنالیزمی مۆدیرن دەیکا. بوونی ئیمە بەستراوەتەوە بەو جڤاتەوە کە تییدا دەژین، نە داخستنی ئەو جڤاتەو نەخۆبەستنەوە بەو جڤاتەوە بەشیوەیەکی دەمارگیریانە ئیمە دەکاتە هاونیشتمانیەکی چاك‌و نەر اکردن لەو جڤاتە کە واقیعی‌و کۆنکریتی‌یە بەرەو جڤاتیکی خەیالی کە پیی دەگوتریت جڤاتی جیهانی واتە بوون بە هاونیشتمانی جیهانی. ئەو شتەی بەدەستی دەهینین‌و تاقیکردنەوەی ژیان‌و گەیشتن بە جەوهەری ئینسانی بەپلەی یەك لەریگای بوونە ئەندامی جڤاتیکی سیاسی‌یەوە دەبیت کە خۆمانی تییدا دەبینینەوە. ئەو شتەی کە ئەمرۆ چەپەکان‌و لیبرالەکان‌و

دەسەلمینری" ئەو لە راستیدا دەرگا دەخاتە سەر پشت بۆ سەروەریکردن‌و بەکارهینانی سیستماتیکی جیهان بەنیازی هینانی بۆ ژیر رکیفی یاسادارشتنی لۆژیکی، بۆ ژیر رکیفی لۆژیك، کورتکردنەوەی فرە رەهەندی جیهان بۆ یەك رەهەندی، رەهەندیك کە دەتوانین بیناسینەوەو بیزانین لەریگای لۆژیکەوە.

ئەم بە ماتماتیك کردنەی جیهان کە فەلسەفەی دیکارت‌و جەوهەری مۆدیرنیتی‌یە، لەلایەن ڤیکۆوە رەتدەکریتەوە بەتایبەت لە کتیبی "لیکۆلینەوە میتۆدیەکانی سەردەمی ئیمە"داو ئەمە رەهەندی شیعرگەرایی، جوانناسی زیاتر تۆخ دەکاتەوە. ڤیکۆ ویرای ئەوەی کە ددان بەوەدادەنی کە میتۆدی ئەندازیاری لە داهینانی شتەکاندا رۆلی خۆی هەیە، بەلاّم بەرای ئەو ئەو میتۆدە دیکارتی‌یە شکستی هینا لەوەی کە دەربارەی ئینسان وەك گشتیك قسە بکا، هەروەك چۆن مۆسیقایەك لەسەر هاوکیشەی ماتماتیکی‌یەوە داریژرابی هیچ چیژیك نابەخشی، ئاوهاش ئەو میتۆدە لەمەر رەهەندەکانی ئینسانەوە بی‌تامە. میتۆدی لیکۆلینەوەی ڤیکۆیی بەپلەی یەك گرنگی بەو گووتارە دەدا کە پیی دەلیت eloquence رەوانبیژی. رەوانبیژی ڤیکۆیی بەپیچەوانەی رەوانبیژی کلاّسیکەوە کە هەول دەدا هارمۆنیەك لەنیوان رۆحی تاکەکەس‌و بووندا دروست بکا، روانبیژی ڤیکۆیی بە قوولی تەعبیرکردنیکی ویژدانیی توانای خەیالە لە رەنگ پیدانەوەی هەستی یەکیتی بوون لەریگای سۆزی‌بوونەوە.

دژ بە حەدی بوون‌و بنەبری ماتماتیکی دیکارتی، ڤیکۆ ئاشکرایی‌و رەوانی شیعر پیشنیار دەکا. شیعر ریگایەکی کورتە بەرەو ئایدیای سیاسەتی سیرەپیوتیکی (چارەسەریی)، گریدانی گەران بەدوای تەحقیق کردنی زاتدا لەگەل پرۆگرامی رزگاربوون لە نارەحەتیەکانی هەل‌و مەرجی ئینسان بوون. هەولی ڤیکۆ بۆ رزگارکردنی تاسەی یەکیتی بوون لەدەست بونیاد، رزگارکردنی خەیال لەدەست گووتار، شیعر لەدەست ماتماتیك، ئەم هەولە وەرچەرخاندنیکی مۆدیرنە بەرەو تاسەیەکی رادیکال بەرەو رزگاری لە عەقلاّنیەتیك کە هەموو رەهەندەکانی ژیان دەخاتە ژیر رکیفی خۆیەوە، ئەم تاسەیە بۆ رزگاری بەناو شیعرەوە لیرەوە ترادسیۆنیك بۆ خۆی دروست دەکا کە دواجار لەلایەن رۆسۆو رۆمانتیکیەکان‌و نیچەو ئنجا پۆست مۆدیرنیستیەکانی ئەمرۆوە دریژەی پی‌دەدری.

لەگەل دیکارت‌و ڤیکۆدا هاوکیشەیەکی مۆدیرن سەرهەلدەدا، هاوکیشەیەك لەنیوان، لەلایەکەوە، گەردوونی بوونی میتۆدی ئیستدلالی، لەلایەکی‌دیکەوە، تاسەو خەون بینین بە عەفەویەت‌و بە یەکیتی‌بوونەوە، تاسەی رزگاربوون لە عەقلی ماتماتیکی‌و دریژکردنەوەی ئەو عەقلە بۆ بوارەکانی مەدەنی‌و ئەخلاّق. دژایەتی



نیوان دیکارت‌و ڤیکۆ قسە لە گرژیەکی ناومۆدیرنتی دەکا کە دواجار لەتەك پرۆژەی رۆمانتیکیانەی رۆسۆدا دژ بە لیبرالیزمی سیاسی سەرهەلدەداتەوە، هەر هەمان گرژی نیوان دیکارت‌و ڤیکۆ دواجار لە بەرگی گرژیەکدا خۆی نیشان دەدا، گرژی نیوان ئەخلاقی شیوەیی (شکلی) کانتی‌و بانگەوازی شیلەر بۆ پەروەردەی جوانناسیانەی ئینسان.

هەولی ژان ژاك رۆسۆ بریتی‌یە لە زیندووکردنەوەی غەمی کلاّسیك، بەختەوەری‌و گەشەکردنی سروشتی ئینسان لەنیو کۆمەلەیەکی مەدەنیدا. بەرای رۆسۆ رزگاری ئینسان‌و گەشەکردنی ئەخلاّقی زۆر فراوانترن لەوەی کە لیبرالیزمی سیاسی تەسەوری دەکا (یادەکرد)، لەوانە جۆن لۆك. رزگاری‌و گەشەکردنی ئەخلاّقی ئەم رەهەندانە لەخۆ دەگرن: ئازادی ئیمە وەك هاونیشتمانی لە بەشداریکردنی سیاسەتدا، ئۆتۆنۆمی ئیمە کە لەو کەرامەتە سروشتی‌یەوە هاتووە کە هەر ئینسانە بە سروشت خاوەنیتی، بەتەنگەوە هاتنی ئەوانی دیکە.. هتد. بەرای رۆسۆ مافی ئیمە لە بەشداریکردنی کاروباری سیاسی‌و مەدەنیدا زۆرترە لە مافی بەدەستهینانی مولك‌و مالاّت، لەبەر ئەوەی رۆسۆ جەغدی زیاتر دەکاتە سەر تواناکانی ئیمە وەك هاونیشتمانی لە گشت بوارەکاندا، لیرەوە مانایەکی مۆدیرن بەو قەناعەتە کلاّسیکی‌یە دەبەخشی، قەناعەتی ئەوەی کە هونەری فەرمانرەوایەتی‌کردن لە بنەرەتدا بریتی‌یە لە هونەری پەروەردە.

رۆسۆ لەو باروەرەدا بوو کە کۆمەلگای بۆرژوازی لەریگای بە رۆتینی کردنی پیشبرکی‌وەو خولقاندنی قەلەقی پیشبرکی لەلایەکەوە زیاتر لە هەر کات دوورمان دەخاتەوە لە بەختەوەری سروشتی‌و لەلایەکی دیکەشەوە جەوهەری ئینسانی بوون دەشیوینی.. بەرای رۆسۆ چ ئینسانی هۆبزی کە هەمیشە سەرگەرمی بەدەست هینانی دەستەلاّتەو چ بەرنامەی سیاسی‌و ئەخلاقی رۆشنگەری هیچ کامیکیان سروشتی نین، بەلکو ئەوە جۆرە ئینسانیکە کە لەلایەن کۆمەلگاوە فاسدکراوە(١٣).

لە کۆمەلگای بۆرژوازیدا لەوکاتەدا کە پیویستیەکانمان رۆژانە زیاترو زیاتر دەبن، غەمخۆاردن بۆ مانا قوولەکانی بوون کەمتر دەبنەوە، لە کۆمەلگایەکی لەو جۆرەدا زیاتر ئیمە سەرقالی جی‌و مەقام‌و هەیبەت دەبین وەك لە مانا قوولەکانی بوون‌و حەقیقەت. ئیمە خۆمان دەدۆرینین‌و لەجیاتی زاتیکی دروستکراو یا صناعی دروست دەبیت کە لەلایەن ئەوانی دیکەوە دیاری دەکری‌و پیناسە دەکری، قبوولکردنی ئەوانی دیکە بۆ ئیمە یا قبولکردنی ئیمە لەلایەن ئەوانی‌دیکەوەو قبوولکردنی زەوق‌و سەلیقەی ئیمە لەلایەن ئەوانەوە خۆی دەبیتە تاکە قەلەقیەك. ئەمە کۆمەلگایەکە لەسەر کیشمەکیش لەسەر جی‌و مەقام بیناکراوەو هەقی گەیشتن بە شکۆمەندیەکی

٩– ئەخلاقی نیکۆماخی b6 – ١٠ a ١٠٩٧.
١٠– شارو ئینسان لاپەرە ٣٠، Leo Strauss, The city and Man,
١١– سیاسەت ٣٧ b ١٢٦٣.
١٢– سیاسەت ٢٩ a ١٢٨٠ – ١١ b ١٢٨٠.
١٣– سیاسەت ٣٩ – ٣٢ a ١٢٥٥.
١٤– سیاسەت ٣١ – ٢٥ a ١٢٦٢.
١٥– سیاسەت ١٤ – ٧ b ١٢٦٢.
١٦– ئەخلاقی نیکۆماخی ٢٧ a ١٠٩.
١٧، ١٨– بروانە ئەم بەشانە: سیاسەت، ٣٧ b ١٢٨٦ – ٢ b ٤١٦١٢٨٩ – ١٦ – ١٣ a ١٢٦٧. رەوان بیژی، ٢٤ a ١٣٤١.
١٩،٢٠– بروانە ئەم بەشانە: سیاسەت ٣٠ b ١٤١٤ – ٣٢ – ٢٥ b ١٣١٩ – ٣٢ ٣٥ a ١٢٨٧ – ١٤ – ١٣ a ١٢٦٧٠ رەوانبیژی ٣١ – ١ a ١٣٦٦.
٢١– سیاسەت ٢٢ a ١٢٧٥.
٢٢– سیاسەت ٢٢ b – ٥ b ١٢٧٥.
٢٣– سیاسەت ٢٥ b ١٢٥٧، ١٢ a ١٢٥٨.
٢٤ – سیاسەت ٣٥ b ١٢٣.
٢٥– ئەخلاقی نیکۆماخی ١١٤٠٢٤.
٢٦– ئەخلاقی نیکۆماخی ٢٦٧ p ٢١ b ١١٥٧.

## پەراویزی بەندی چوارەم:

١– رۆحی یاساکان، کتیبی یەکەم، بەشی یەکەم سییەم.
٢– رۆحی یاساکان، کتیبی یەکەم، بەشی دووەم، ١–٣، برگەی١١.
٣– رۆحی یاساکان، کتیبی یەکەم، برگەی ١١١.
٤– نامە فارسییەکان، نامەی ژمارە L XXX .
٥– نامە فارسییەکان، نامەی C11.
٦– نامە فارسییەکان، نامەی LXXX.
٧– رۆحی یاساکان، برگەی ١١١، بەشی یەکەم دووەم.
٨– رۆحی یاساکان، کتیبی دووەم، بەشی یەکەم.
٩– ئەرستۆ، کتیبی سیاسەت، ٢٠ b ١٢٩٥.



١٠– رۆحی یاساکان، کتیبی سییەم، بەشی سییەم، برگەی هەشت کتیبی VIII ، بەشی سیهەم–برگەی دوانزە.
١١– رۆحی یاساکان، ١٤ X.
١٢– رۆحی یاساکان، بەشی دووەم، کتیبی چوارەم، بەشی VIII، برگەی هەشتەم، ٢١.
١٣– ئیرنست بیرکەر، ئەفلاتوونو ئەرستۆ، لاپەرە، ١٣.
١٤– بۆ زیاتر زانیاری بروانە :
The Growth of Political Thought in The West from the Greeks to the End of the Middle Ages.
١٥– The Elements, T. Hobbes.
١٦– رۆحی یاساکان، کتیبی پینجەم، بەندی چواردە، بەشی یەکەم/ برگەی ٥٩.
١٧– Considerations on the causes of the Grateress.
١٨– رۆحی یاساکان، کتیبی سییەم، بەشی نۆیەم، برگەی ١٢٠٦.
١٩– نامە فارسییەکان، نامەی ٦٢.

## پەراویز: بەندی پینجەم:

١– لە هاوینی ٢٠٠١ کارم لەسەر ئەم باسە کردووە، بەلآم دوای یازدەی ئەیلول دیارە دەتوانین تەفسیریترمان بۆ ئەمریکا هەبیت، وولآتیك کە خاوەنی وەزارەتیك بیت بەناوی وەزارەتی ئاسایشی نەتەوەیی کە ٢٧٠ هەزار کارمەندی هەبیتو بودجەی سالآنەی ٤٤ بلیۆن دۆلار بیت ئەستەمە بتوانین تەنیا پیی بلیین ستەمکاریەکی نەرمو نیان بەلکو راسترە پیی بلیین ستەمکاری بەمانای ووشە.
٢– توکیۆڤیل، دیموکراسی لە ئەمەریکا، بەرگی یەکەم/ لاپەرە ٩–١٠.
Democracy In America, Vol 1. P9-10.
٣– تۆکیوڤیل، رژیمی کۆن، لاپەرە ١٦٩.
Ancien Regime. P169.
٤– ئەن ئیقتیباسە لەم کتیبەوە وەرگیراوە: مارتن تۆرنیل: بۆدلیر، لاپەرە ٢٣٤.
Martin, Turnell. Baudelaire, p234.
٥– فرانك مانیویل. جیهانە نویکەی سان سیمۆن. لاپەرە٢٨٤.
Franke. E. Manuel. P284.

٦– دیموکراسی لە ئەمریکا، بەرگی دووەم، لاپەرە ١٤٩.
٧– دیموکراسی لە ئەمریکا، بەرگی دووەم، لاپەرە ٣٤٧.
٨– دیموکراسی لە ئەمریکا، بەرگی یەکەم، لاپەرە ٩٤.
٩– دیموکراسی لە ئەمریکا، بەرگی دووەم، لاپەرە ٣٣٠.
١٠– دیموکراسی لە ئەمریکا، بەرگی یەکەم، لاپەرە ٣٤٠.
١١– دیموکراسی لە ئەمریکا، بەرگی دووەم، لاپەرە ٣٣٦.
١٢– دیموکراسی لە ئەمریکا، بەرگی یەکەم، لاپەرە ٢٦٥.
١٣– دیموکراسی لە ئەمریکا، بەرگی یەکەم، لاپەرە ٢٧.
١٤– دیموکراسی لە ئەمریکا، بەرگی یەکەم، لاپەرە ٢٧٣.
١٥– دیموکراسی لە ئەمریکا، بەرگی یەکەم، لاپەرە ٧٤–٧٣.
١٦– دیموکراسی لە ئەمریکا، بەرگی یەکەم، لاپەرە ٢٧٥–٢٧٤.
١٧– دیموکراسی لە ئەمریکا، بەرگی دووەم، لاپەرە ٣٣٦.
١٨– دیموکراسی لە ئەمریکا، بەرگی دووەم، لاپەرە ٣١١.
١٩– توکیوڤیل، نامە هەڵبژێردراوەکان دەربارەی سیاسەتو کۆمەڵگا، لاپەرە٣٧٦.
Tocqueville, Selected Letters.. p.376
٢٠– دیموکراسی لە ئەمریکا، بەرگی دووەم، لاپەرە ٣٣٧.
٢١– دیموکراسی لە ئەمریکا، بەرگی دووەم، لاپەرە ١١٦.

## پەراوێز بەندی شەشەم

١– یەکەمین پیشەکی (سالی ١٩٥٠) بۆ کتێبی "ئەسلەکانی تۆتالیتاریانیزم"
Arendt, Origins of Totalitarianism. P VII.
٢– لێرەدا رووبەرووی گیروگرفتێك دەبینەوە ئەویش نەبوونی مقابلی کوردی بۆ ئەم دوو زاراوەیە لە کوردیدا، ئێمە بۆ (labour)و (work) تەنیا کار یا ئیش بەکار دەهێنین بەڵام لای ئارنێت ئەم دوو زاراوەیە زۆر جیاوازنو ئەم جیاوازیەش جەوهەری بۆچوونەکەی ئەوە کەواتە ناتوانین تێکەڵیان بکەین لەبەر ئەوە من لێرەدا رەنج بۆ (labour) بەکاردەهێنمو کاریش بۆ (Work).
٣– ئەرستۆ، سیاسەت، کتێبی یەکەم، بەشی دووەم.
Arstotle, politics, 1.2



٤– ئارێنت، هەلومەرجی ئینسان، لاپەرە٣٠.
The Human Condition. P30.
٥– هەلومەرجی ئینسان، لاپەرە ٢٨.
٦– ئەرستۆ، ئەخلاق، کتێبی دووەم،A. ٤
Ethics, II, 40 A.
٧– هەلومەرجی ئینسان، لاپەرە ١٣٤.
٨– هەلومەرجی ئینسان، لاپەرە ١٣٩.
٩– هەلومەرجی ئینسان، لاپەرە ١٧٦.
١٠– هەلومەرجی ئینسان، لاپەرە ٢٣٧.
١١– هەلومەرجی ئینسان، لاپەرە ٢٦٩.
١٢– هەلومەرجی ئینسان، لاپەرە ٣٢٢.
١٣– ئەسلەکانی تۆتالیتاریانیزم، لاپەرە ٤٧٥.
١٤– بڕوانە ووتاری "دروست کردنو تیرۆر" لە کتێبی (ووتارەکان دەربارەی تێگەیشتن: ١٩٣٠–١٩٥٤)، لاپەرە، ٣٠٢.
١٥– ئەسلەکانی تۆتالیتاریانیزم، لاپەرە ٤٣٠–٤٣١.
١٦– ئەسلەکانی توتالیتاریانیزم، لاپەرە٦.
١٧– ئێریك ڤۆگلین لە نامەیەکیدا بۆ لیۆشتراوس دەربارەی کتێبەکەی کارل پۆپەر (کۆمەڵگای کراوەو دوژمنەکانی) دەڵێت: بەینی خۆمان بێت لە هەموو ژیانمدا کتێبی ئاوا سەخیفم نەخوێندۆتەوە.
Faith and political philosophy.
١٩– ئەسلەکانی توتالیتاریانیزم، لاپەرە ٤٥٧.
٢٠– ئایدیۆلۆژیای ئەلمانی، مارکس، لاپەرە ١٣–١٥.
Marx. The German Ideology p13-15
٢١– ئایدیۆژیاو یۆتۆبیا، لاپەرە٥٩.
Ideology and Utopia p59.
٢٢– ولیەم دیلنی، لەکتێبی "گفتوگۆی کۆتاییهاتنی ئایدیۆلۆژی". ئامادەکردنی چەین واتمان. لاپەرە ٢٩٥.
William Delany. P295.
٢٣– ئەسلەکانی تۆتالیتاریانیزم، لاپەرە ٤٦٩.
٢٤– ئەسلەکانی تۆتالیتاریانیزم، لاپەرە ٤٦٩.

